www.kurdistannet.org
14-8-2003 17:25

"بە باکووری عێراق بڵێ کوردستان، بەڵام. . . "

مەهاباد کوردی، ستۆکهۆڵم 13-8-2003

لە ذۆژی 25-7-2003، دواي ئەوەي کە لە باشووري کوردستان گەذامەوە، بۆ ماوەي دوو شەو لە میوانخانەیەکي ئەستەمبووص مامەوە. لەو ماوەیەدا گەلث کەسم بیني: کورد، تورك، عەرەبي ئثرة و ئەوث، تورکمان و خەمکانثکي دیکەش. سەرم لە (بازاذي میسري) دا و چوومة (تەقسیم) و گۆذەپانەکەشي، کە لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا زۆر خۆپیشاندان و پثکهەچووني لە نثوان کورد و پۆلیسدا تثدا قەوماوة. تورکة چەپذەو و سەندیکاکاني کرثکارانیش لەم گۆذەپانەدا کار و چالاکي جۆراوجۆریان ئەنجام داوة.

کاتث بە سەردان دەچیتە کوردستان، بە تایبەتي ئەگەر بە پاس لە ئەستەمبووصەوە بەرەو سلۆپي بذۆیت، دیارة دەبث حیسابي ئەوەش بکەیت ذثگایەکي دوور و درثژت لە پثشة و جانتا و کەلوپەلەکانیشت بە ساغي نامثننەوة. ئەوجا چ لەبەر دووریي ذثگا بث یانیش جانتاکردنەوة و پشکنین و سەراوبنکردني شتەکانت بث. بە کورتییەکەي گثچەص پثکردنت، چونکة کوردیت و بەس!

لە نزیك ئەو میوانخانەیەي کە تثیدا مامەوة، ذووم لە دوکانثك کرد تا جانتایەك بکذم. هەر کە چوومة ژوورەوة، لاوثکي تەمەن بیست ساص بە تورکي بەخثرهاتني کردم. دواي ئەوەي کە زاني زماني ئەو نازانم، بە ئینگلیزییة شکاوەکەي خۆمان، کەوتینة قسة و باس. لە دمي خۆم بذیارم دا ئەو جانتا ذەشة گەورەیة بکذم کە چاوم تثي بذیبوو. ئەو گەنجة کە دیار بوو لە دوکانەکة کار دەکا، لەسەر ئەو نرخة ذازي نەبوو، کە پثم گوتبوو. هەر چۆنثك بوو، قسەیەك لە من و یەك لەو، لەسەر بیست و دوو ملیۆن لیرەي تورکي پثکهاتین. ئەم پارەیة لە دوو سەد کرۆني سویدي کەمتر دەکات. جانتاکەش هەر پارەیەکي ئەوهاي دثنا.

یەك دوو دەقیقة، بەر لەوەي پارەکة لە دەستي ئەو خۆرتة تورکة بنثم، پرسیاري لثکردم: خەمکي کوثي؟ منیش بث ست و دوو گوتم: کوردستان. هەر کە ئەو قسەیەي گوث لث بوو، دەم و چاوي بە جارث تثکچوو. ذووخۆشییەکەي جاران و بزەکاني سەر لثوي لە شەققەي باصیان دا و بەرەو ئاسماني هەوراوي و چمکني ئەو ذۆژەي ئەستەمبووص فذین. ئینجا لە هەوصثکي سەرنەکەوتووانەیدا ویستي پثم بسەلمثنث کە، بە دەردي خۆي گۆتەني، لە تورکیا خاکثك بە ناوي کوردستان لە ئارادا نییة. هەروەها بۆ دمخۆشکردني منیش گوتي: تۆ ئازادي لەوەي بە (باکووري عثراق) بصي کوردستان، بەلأم لثرة کوردستان نەبووة و نییة. لە هەموویشي خۆشتر هەر تەنا بیست مەترثك لە دووري دوکانەکەي ئەو، کاسثت و (CD)ي کوردي لە بەردەمي دوکانەکان بە ئاشکرا دەفرۆشران و، بثگومان زۆربەشیان لەسەر کورد و کوردستان بوون. من خۆم کاسثتثکي دمشادي مۆسیقاژەني ناسراوي کوردم لەو ناوة کذي. سەرتان نەیەشثنم کە ئەم قسانەي ئەو تورکة مثشك بۆگەنەم وەبەر گوث کەوت، بە دەست خۆم نەبوو غەریبیم بۆ کوردستان هەستا و خەفەتم لە بث دەوصەتیي خۆم و نەتەوەکەم خوارد. دیارة جانتاکەشم لەو نەکذي و چوومة لاي دوکاندارثکي تر، هەر هەمان جانتا و بە هەمان نرخیش، پەیدام کرد.

دواي ئەم بەسەرهاتة بەرەو میوانخانەکەم شۆذ بوومەوة و، دەگەص هاویشتني هەنگاوەکانیشمدا، لە دمي خۆمەوة دەمگوت: کۆمەمگایەك کە زۆرینەي مرۆصەکاني وەها بیر بکەنەوة، تۆ بصي ئازادي و مافة نەتەوایەتي و نیشتمانییەکان بە ئەنداماني نەتەوەیەکي دیکة ذەوا ببینث، کە لە زۆر شتدا وەك دەشن (عەرد و عاسمانیان فەرقة) ؟؟!

mehabadk@hotmail. com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.